# د.بورهان یاسین: نانب

# لیستی گۆڕان بەر لەوەی بگاتە (٧/٢٥)، کۆمـ

سازدانی؛
سامان بەشارەتی، ئارام شێخ وەسانی

**ڕۆژنامە: ئێستا ئێمە لەناو پرۆسەی هەڵبژاردنداین، بۆچوونت چییە، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەمجارە؟**

* به بۆچوونی من ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)و (١٩٩٢)، ئەمجارە تایبەتمەندی زۆر لەخۆدەگرێت، دەتوانین بڵێین بۆ یەکەمجارە کە باشووری کوردستان هەڵبژاردنێک بەخۆیەوە دەبینێت کە جۆرێک لە هیوای بە خەڵک بەخشیوە، بەو مانایەی ئەو دەسەڵاتەی کە لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوو مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی کردووە لەم بەشەی کوردستان ئیتر هیوایەک هەیە کە هیچ نەبێ ئەو مۆنۆپۆلە درزی تێبکەوێت، وێرای ئەو ئەگەرەی باس لەوەدەکات کە لە موفاجەئەیەکدا دوای (٢٥)ی ئەم مانگە، ئەو مۆنۆپۆلە کۆتایی پێبێت، هێزێکی تازە دەرفەتی پێبدرێت بۆ ئەوەی چانسی خۆی تاقیبکاتەوە، بەتایبەتی لیستی گۆڕان، هەروەها دەکرێت لیستی گۆڕانو چوار حیزبەکە هاوپەیمانییەک دروستبکەنو شێوە دەسەڵاتێکی تازە دابنێن، ئەمەش شتێکی ئاسان نییە، چونکە لەدوای هەڵبژاردنیش کۆمەڵێک موفاجەئە ڕوودەدات جا لەناو لیستەکاندابێت یان لە هاوپەیمانی لیستەکان، لەوانە پەیوەندییەکانی یەکێتیو پارتی موفاجەئەی جدی بەخۆوەبگرن، ئەو موفاجەئانە دواخراون بۆ دوای (٢٥)ی مانگ، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئەم دوو هێزە سەرەتا بەشداربنو بچن بۆ دەنگدان دواتر حیسابات دەکەن، چونکە هاوسەنگییە هەمیشەییەکە تێکچووە لە ئەنجامی ئەوەی کە یەکێتی دەنگێکی زۆر لە دەستدەدات، بەهۆی لیستی گۆڕان، لە بەرامبەردا پارتی بەوە ڕازینابێت یەکێتی هاوتای ئەوبێت، هەرچۆنێک بێت، لەمجارەدا لیستەکان ڕوویەکی تازەدەدەن بە هەڵبژاردنەکە، چونکە ماوەی هەژدە ساڵە ئەو بازنەیەی دەسەڵات دەخولێتەوە، ئەوەی تەحەکوم بەو بازنەیە دەکات پارتیو یەکێتین کە لەڕاستیدا ئەوانە مانای حیزبۆکراتی دەگەیەنن نەک دیموکراتی، چونکە لەڕێگەی مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبەوە ئیدارەی ئەم هەرێمەکراوە، ئێمە حەزبکەین یان نا هەر پێش (٢٥)ی مانگیش لیستی گۆڕان گۆمەکەی شڵەقاندووە، بەڵام دەکرێت (٢٥)ی مانگ شڵەقانەکە بخاتە مەدایەکی تازەوە، هەروەها دەرفەتێک دروستبکات بۆ شێوە دەسەڵاتێکی نوێ، ئەگەر شێوە دەسەڵاتێکی تازەش نەیەتەدی، ئەوا دەتوانین دڵنیابین کە شێوە پەرلەمانێکی تازە دێتەکایەوە، پەرلەمانێکی کاراترو چالاکتر کە تێیدا ئەندام پەرلەمانەکان هەموویان وەک یەک بیرناکەنەوە، بەڵکو بە جیاوازی بیردەکەنەوە هەر ئەوەشە پەرلەمانەکە دەخاتە حاڵەتێکی تەندروستەوە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار ئۆپۆزسیۆن دێتەکایەوە، ئەو ئۆپۆزسیۆنە دەکرێت ببێتە دڵی ئەزموونێکی دیموکراسی، کە لەڕاستیدا لەدوای (٢٥)ی مانگەوە دەستپێدەکات، لێرەدا دیارە کە ئەو هەژدە ساڵەی کە تێپەڕی، خەڵک هەمووی وەک یەک بیری کردووەتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نە پەرلەمانێکی چالاکمان هەبووە، نە نەخشەیەکی سیاسی سەرکەوتوو هەبووە، بە پێشبینی من تەواوکەری ئەو قسانە ئەوەیە کە خۆکاندیدکردنی چەند کەسێک بۆ سەرۆکی هەرێم گرنگیەکی ئێجگار زۆری هەیە، بە بۆچوونی من لەو کلتوورە سیاسییەی کە ئێمەی پێئاشناین لە باشووری کوردستان، ئەوەیە کە تەنیا چەند کەسانێک شایستەی ئەوەن کە سەرۆکی ئەو وڵاتەبن، بەڵام کاتێک چوار کەس دێن خۆیان کاندید دەکەن، ئەوە ئەو پەیامەمان پێدەڵێن کە هەر کوردێک لە باشووری کوردستان دەتوانێت لەسەر کورسی سەرۆکایەتی هەرێم دابنیشێت، بە بۆچوونی من ئێستا پێش (٧/٢٥) تەلیسمی سەرۆکایەتی تێکشکاوە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی ترس بڕەوێتەوە، هەروەها خەڵک متمانە بە خۆی سیاسەتو دوا ڕۆژی خۆی پەیدابکات.

**ڕۆژنامە: مەبەستت ئەوەیە بەو پرۆسەیە متمانە دگەڕێتەوە بۆ خەڵک؟**

* بە دڵنیاییی ئەوە هێمایە بۆ گەڕانەوەی ناو سیاسەتو باوەڕبوون بە ئیرادە، لەڕاستیدا لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا زۆر باس لە گەندەڵی کراوە، بەڵام ڕوویەکی هەرە گەورەی گەندەڵی ئەوەیە کە جەستەی نەتەوە هەڵوەراوەو تووشی چەندین قەیرانی جدیبووە، لەبەرئەوە گەڕانەوەی متمانە بۆ تاکی کورد لەڕێگەی هەڵبژاردنی چوار کەس، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەتوانرێت داهاتووی سیاسەت لەم وڵاتەدا وێنابکرێت، بە بۆچوونی من ئەگەر کەمال میراودەلی (١٠) دەنگ بێنی یان یەک ملیۆن، ئەوا سەنگەکە لەوەدایە کە ئەو ترسی ئەوەی ڕەواندووە، ئەمەش گرنگیەکی تەواوی هەیە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر پێشبینییەکان بوونە واقیع لە دوای (٢٥)ی مانگ، دوو پارتی دەسەڵاتدار تا چەند دەتوانن ئەوە قبوڵبکەن؟**

* ئێمە دەبێت هیوامان بەوە بێت کە کارەکان بە گوێرەی دەنگەکان بەڕێوەبچێت، هەموو لایەک ئەو ئەنجامانە قبوڵبکەن، هەروەها هیچ شتێکی نایاسایی نەکەن وەک ئەوەی قەیرانێکی گەورە دروستبکەن، ئەویش هەوڵدان بێت بۆ گەڕانەوەی مێژوو، واتا بۆ بارودۆخی پێش (٢٥)ی مانگ، ئەگەر هەوڵێکی لەو جۆرە بدرێت بە بۆچوونی من باشووری کوردستان تووشی قەیرانێکی زۆر دەکاتەوە، لەم قەیرانەشدا ڕەنگە کۆمەڵی موفاجەئە دەربکەوێت، یەکێکیش لەو موفاجەئانە ئەوەیە کە کۆنترۆڵ لە دەستی بژاردەو نوخبەی سیاسی دەربچێتو بکەوێتە سەر شەقامەکانو هەندێک هێزی دیکە بتوانن شەقام داگیربکەن، کە ئەوە لە خواستی کەسدا نییە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا چەند دەبێتە هێزی فشار بۆ ئەوەی لایەنەکان ئەنجامەکان قبوڵبکەن؟**

* ئەمە پرسیارێکی جوانە، بەپێی بینینی من هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەیان جیاوازی لەوەدایە کە گرنگیپێدانێکی جدی هەیە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، بۆ نموونە بەرپرسە ئەمریکییەکان ڕای خۆیان نە شاردووەتەوە کە ئەوان گرنگی تایبەت بەو هەڵبژاردنە دەدەن، ئەمجۆرە گرنگیدانە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەو هێزانەی کە چیکڵدانیان تەسکەو قبوڵی ئاکامەکان ناکەن، لێرەدا دەوری ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو زلهێزەکانی جیهان بەڕوونی دیارە، هەروەها لایەنە کوردییەکانیش بەڕوونی ئەوە دەزانن کە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە هۆکاری گەشبینییەکانی خەڵک لەم هەڵبژاردنە بوونی چەند لیستێکی جیاوازە کە پرۆسەی هەڵبژاردنو دیموکراسی جوانترکردووە؟**

* بە بۆچوونی من هاتنەکایەی لیستێک کە بڕیاری ئەوەی داوە بەشێک نەبێت لە دەسەڵاتی گەندەڵ، ئەگەر کەم بهێنێت یان زۆر، ئەوا خۆی لەخۆیدا هیوا بەخشینە پێش ئەوەی ئێمە چووبینە ناو ئەنجامدانی پرۆسەکەوە، بەڵام دڵخۆشیمان دوای (٢٥)ی مانگ زیاتر دەکەوێتە سەر هاوسەنگییەکان، لەم ڕووەوە بە قەناعەتی من ئەو هەڵبژاردنانە موفاجەئە لەخۆدەگرن، بۆ نموونە ئەگەر لیستی گۆڕان دەنگێکی زۆر بهێنێت، وەک ئەوەی لە تورکیا ڕوویدا لە ساڵی (١٩٥٠)، کە یەکەم هەڵبژاردن ڕوویدا هەڵبژاردنێکی پشت شکێن بوو، هەروەها کۆتایی هێنان بوو بە حیزبی کەمالی، هەرچەندە ئەو هێزە هەڵگری پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی تورکیابوو هەر لە ساڵی (١٩٢٣)، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی تورکیا بڕیاری خۆیدا تا ئێرە بەسە، زۆربەی دەنگەکان بۆ حیزبی دیموکرات چوون، ئەوانیش قبوڵی ئەنجامەکانیان کرد، من لێرەدا ئەو بەراوردە دەهێنمەوە کە پارتیو یەکێتی با بە قەد حیزبەکەی کەمال ئەتاتورک دیموکرات بنو ڕێگە بەوە بدەن ئەگەر هاتو هێزێک یان چەند هێزێک دەنگێکی زیاتریان هێناو چانسی ئەوەیان بوو کە حکومەت دروستبکەن، با لێگەڕێین کە حکومەت دروستبکەن، دەبێت پارتیو یەکێتی بزانن کە ئێمە لە ساڵی (١٩٩٢)دا ناژین، ئێستا بارودۆخێکی دیکەیە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە یەکێکی دیکە لە جیاوازییە کاریگەرەکانو هاوکێشەکان بارودۆخی ئێستای عێراقە، واتا هەرێمی کوردستان لەژێر باڵی حکومەتی عیراقدایە نەک سەربەخۆ؟**

* لەڕاستیدا ئەو شەڕە تەنیا دوای (٧/٢٥) دەستپێناکات، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ئەوە باسکرا کە کێ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکات، هەر لە دابینکردنی بودجەو پێداویستییەکانی کۆمیسۆن، واتا ئێمە کەوتووینەتە حاڵەتی ململانێ لەنێوان هەرێمێک کە دەخوازێت دەستبگرێت بەسەر هەندێک تواناداً، کە کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن دابنێت، بەڵام بەغدا دەخوازێت ڕێگە خۆشبکات بۆ ئەوەی ئەو شتانە ڕوونەدات، پێشبینی دەکەم کە ئەگەر دۆڕاو قبوڵی ئەنجامەکان نەکات، ئەوا بەغدا ڕۆڵی زۆردەبێت لە بارودۆخەکەدا.

**ڕۆژنامە: وەک دەزانیت چەند نموونەیەک هەیە کە لە خۆرهەڵات هەندێکجار ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵناکرێت، واتا لیستی سەرکەوتوو ناتوانێت حکومەت دروستبکات، وەک ئەوەی لە فەڵەستین ڕوویدا تا چەند ئەو جۆرە سیناریۆیانە ئەگەری ڕوودانیان هەیە؟**


* ئەو جۆرە سیناریۆیانە نابێت بە دوور دابنێین، بەڵام زۆریش نزیک نییە، چونکە ئەگەر بەراوردبکەین بارودۆخی ئێمە لەگەڵ ناوچە فەڵەستینییەکان جیاوازە، بەهۆی ئەوەی بەردەوام ئەوان خەونیان بەوەوە بینیوە کە (٢٠٠) پۆلیسی نێونەتەوەیی لە وڵاتەکە چاودێربن، بەڵام لە کوردستاندا ئێمە وریاین لەوەی کە گەورەترین زلهێزی دونیا بە پرۆژەیەکی تازەو بە هێزێکی ئێجگار زۆرەوە لێرە ئامادەیە، هەروەها گرنگی پێدانێکی زۆریش ئامادەیە، کەواتە بارودۆخەکان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئەو ترسەی لە ناوەخنی ئەو پرسیارەدا سەر هەڵدەدات، با ئەو ترسەمان لەپێش چاوبێت، با ڕێگربین لەو سیناریۆیە.

**ڕۆژنامە: بوونی چەند لیستێکی جیاواز بووەتە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی خەڵک ویستی گۆڕانی تێدا مومارەسەبکات، ئایا ئەو قۆناغە کامڵبووە کە خەڵک خواستی گۆڕانی هەبێت؟**

* بێگومان دەتوانین زۆر گفتوگۆبکەین لەسەر کامڵو ناکامڵ، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز مرۆڤ نابێت زۆر چاوەڕوانی بکات، بە بۆچوونی من بارودۆخی کوردستان لە بارە کە خەڵک بێترس خواستی گۆڕان نیشانبدات، هەڵبەتە دەزانین خواستی گۆڕان خواستێکی بەردەوامە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا سەریهەڵداوە، بۆ هەموو گۆڕانێکی لەو جۆرەش دوو شت پێویستە، هێزێکی کۆمەڵایەتی کە پێشەنگی ئەو گۆڕانکارییە بکات، دووەمیان ئەو هێزو نوخبەیەی کە دەتوانن هێزی گۆڕان لە قاڵب بدەن، لە بەرنامەیەکدا کە بەدەستهاتنی مومکینە، لەو پرۆگرامەدا زۆر گرنگە کە خەونی خەڵک بە زیندوو ڕابگیرێت کە بەرامبەر ئەو خەونە تۆ ئیش بکەیت، پێشی بڵێ بەدەستهاتنی ئەو خەونە مومکینە، دەکرێت بوترێت من لێرەم دەبمە ئامرازێک بۆ وەدەستهاتنی ئەو خەونە، لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو ئامرازەبێت، بەڵام بە بڕوای من پرسیارە گرنگەکە بۆ هەموومان ئەوەیە، ئایا دوای (٢٥)ی مانگ لیستی گۆڕان چی بەسەردێت، ناردنی چەند ئەندامێک بۆ پەرلەمان لەلایەن لیستی گۆڕانەوە پێویستی بە پشتگیری جەماوەری هەیە، ئەو پشتگیرییە جەماوەرییەش دەبێت بۆ دوای (٢٥)ی مانگیش بەردەوامبێت، لەبەرئەوە بەردەوامی ئەو تەوژمی پشتگیرییە دەبێت زیندوو ڕابگیرێت، هەروەها لە قاڵبیش بدرێت، چۆن دەکرێت من نازانم.

**ڕۆژنامە: ئایا لیستی گۆڕان خواستی گۆڕانی بەوە کۆتایی دێت کە هەندێک چالاکیو ئۆپۆزسیۆن بوونی لە پەرلەمان نیشانبداو تەواو؟**

* بە بۆچوونی من نابێت پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا هەموو شتێک دەگۆڕێت، دروستبوونی



**پارتیو یەکێتی با بە قەد حیزبەکەی کەمال ئەتاتورک دیموکرات بنو ڕێگە بەوە بدەن ئەگەر هاتو هێزێک یان چەند هێزێک دەنگێکی زیاتریان هێناو چانسی ئەوەیان بوو کە حکومەت دروستبکەن، با لێگەڕێین کە حکومەت دروستبکەن**